# ژن لە ڕوانگەی بزاڤی هەقەدا

قارەمان نادر محەمەد

بەشی مێژوو

فاکەڵتیی پەروەردە

زانکۆی کۆیە

Qaraman.Nadir@koyauniversity.org

009647501193898

009647736952842

## پوختە

بزاڤی هەققە لە هەناوی تەریقەتی نەقشبەندی لە چارەگی یەکەمی سەدەی بیستەم لە گوندی شەدەڵە سەری هەڵداوە، بزاڤەکە بووە نمونەیەکی گەشەسەندوی نێو بزووتنەوە سیاسی و کۆمەلآیەتیەکان لە بواری گەشەدان بە پێگە ژن لە نێو کایە کۆمەلآیەتی و کلتوریەکاندا، ئەم گرنگیدانەش لە لایەک بەشێکە لە مۆدێرنە بۆ پێشەکەوتنی ژنان لە نێو کلتوری چەقبەستوی کوردی و لە لایەکی تریشەوە بەرهەمهێنەری سەرئێشەیەکی زۆر بوو بۆ بزاڤەکە تا گەیشتە کەناری خنکاندنی، لێرەوە ئەم بزاڤە هەڵگری کۆمەڵێک خەسڵەتە کە دووبارە ناساندن بۆ کلتوری کۆمەڵگای کوردی دەکەنەوە، بۆ ناوەڕاستی سەدەی بیستەم سەختە باوەڕ پێکردنی ئەو نەشونماکردن و کۆڕانکاریانەی لەم بوارەدا سەری هەڵداوە.

بیرکردنەوەی یەکسانی لە نێوان ژن و پیاواندا لە نێو دۆڵێکی داخراوی گوندی شەدەڵەدا بۆ حکومەتی عێراقی و دەسەلآتی بەریتانیەکان جێگەی تێڕامانە، بۆ ئێمەی توێژەریش دوای تێپەڕ بوونی سەدەیەک هێشتا زۆر لایەنی نادیاری ئەم بابەتە ماوە کە پێویست بە لێکۆلینەوە دەکات.

**کلیلە وشە**

**سۆفیگەری، نەقشبەندی، هەقە، چەپگەرای، یەکسانی**

## پێشەکی

بزوتنەوەی هەقەقە، کە لە بنەڕەتدا لە تەریقەتی نەقشبەندییەوە سەرچاوەی گرتووە، پێگەیەکی تایبەتی بە ژن لە نێو بزوتنەوەکەدا داوە، کە پێشتر ئەو پێگەیەی لە ناوەندە کۆمەڵایەتییە کوردییەکەدا نەبووە. ئەم بزوتنەوەیە رۆڵی کۆمەڵایەتیی و ئایینیی فرەچەشنی بۆ ژن دیاریکردبوو، جیاواز بووە لەوەی لە ناوەندەکەدا هەیبووە. بەمەش پێگەی ژنانی هەقەقە، لە چاو هاوڕەگەزەکانین، گۆڕانی بەسەرداهاتووە، بەتایبەت کاتێک ڕێگەی ئەوەیان پێدراوە لە کۆڕ و کۆبوونەوەکانی پەیوەست بە بزوتنەوەکە بەشداربن و بە ڕەهایی بیروبۆچونەکانیان لەمەڕ گرفت و ئاریشە کۆمەڵایەتییەکان و بڕیارە گشتییەکانی بزوتنەوەکە دەرببڕن. بەهەمان شێوە ڕێبەرانی بزوتنەوەکە بە هەندێک لەو بەها و نەریتە کۆمەڵایەتییانە داچوونەوە، کە لەمپەریان لەبەردەم پێگەیشتن و سەربەخۆبوونی کەسێتی ژن دروست کردبوو، وەک شێوازی بەمێرددان و و مامەڵەکردن بە ژن وەک کاڵای کڕین و فرۆشتن. لێرەوە بزوتنەوەکە کاری کردووە لەسەر گۆڕینی بەها کۆمەڵایەتییە باوەکان، تا چەشنێک لە یەکسانی جێندەریی دروست ببێ. بەمەش ژنانی نێو بزوتنەوەکە بونەتە خودان کەسێتی بەهێزتر لە هی ئەوانیتری دەرەوەی بزوتنەوەکە. ئەم گۆڕانە لە ڕوانگەی گشتی بۆ ژن، بە ئاسانی لەلایەن کارا کۆمەڵایەتی و ئایینییەکانی زەمینەی کوردی، قەبوڵ نەکراوە. نەک هەر ئەمە بەڵکو وەک بەهانەیەکیش بەکارهێنراوە، بەمەبەستی تانەلێدان و شکاندنی کۆی بزوتنەوەکە، وێناکردنی وەک بزوتنەوەیکی دژ بە ڕێسا و نەریتە کۆمەڵایەتییە باوەکان.

هەڵبەتە بابەخ و هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم بابەتە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پێگەیەی کە بزاڤەکە بە ژنانی کوردیان لە ڕۆژگارەکانی پیاو سالاریدا بە ژنانیان بەخشی و ژنیان بردە قۆناغێکی نوێووە. ئەمەش چەند پرسیارێکی وروژاند، ئایا چۆن بزاڤی هەقە توانی ئەو کارە ئەنجام بدات؟ ئەو

هەنگاوانە چی بوون گرتینیە بەر؟ سەردەمی ڕابەرەکان چ جیاوازیەک لە تێڕوانین بۆ ژنان بەدی دەکرێت؟

تــوێژینەوەکە میتــۆدێکی مێــژووی شــرۆڤەکاری لە خۆگرتــووە و هەوڵ دەدات بێلایەنەنــانە شرۆڤەی دیاردە و جیاکاریەکانی ژنان بکات لە نێو بزاڤی هەقە و کەلتوری کوردی.

تـوێژینەوەکە لە چـوار تەوەر پێـک دێـت، تەوەری یەکەم ژن لە نێـو سـۆفیگەریدا و لە تەوەری دووەم بـاس لە هەڵکشــانی پـێگەی ژن بەرەو لـوتکە دەکـات، تەوەری سـێیەم تەرخـانکراوە بـۆ دونیابینی جیاوازی هەقە، لە تەوەری چوارەمدا ژن وەک پاساوێک بۆ تێکشکانی هەقە هاتووە.

بـۆ ئەم تـوێژینەوەیە سـود لە سـەرچاوەی جیـاواز وەرگیـراوە، لە پەرتـوک و گۆڤـارو ڕۆژنـامەو چـاوپێکەوتن پێکهـاتوون، دیـاترین ئەو سـەرچاوانەش بـریتین لە کتـابەکەی مسـتەفا عەسـکەری: ئـاوەڕدانەوەیەک لە بـزووتنەوەی هەقە یەکـێکە لە دێـرین تـرین و پڕزانیـاری تـرین سـەرچاوە، لە لایەن مـحەمەدی مەلا کەریـمەوە پەراوێـزی بـۆ نوسـراوە، مسـتەفا عەسـکەریش یەکـێکە لە کـاراکتەرە دیارەکـانی بـزاڤەکە، کتێبـی لە هەقە کەوتـنە تەقەی مـحەمەد ڕەئـوف زوهـدی زانیـاری زۆری تێـدایەو بـۆ مـاویەکی زۆر لە نێـو هەقەکانـدا ژیـاوە، کتێبـی بـزووتنەوەی هەقەی قارەمان نادر شێخ بزێنیش نامەی ماستەرە و پێشکەش بە زانکۆی کۆیە بەشـی مێژوو کراوە، دەستنوسـی هەمـزە عەبدوڵآو ئەحمەد فەیزیش توێژینەوەکەیان بە بایەختر کردووە، چەندین زانیـاری جیـاواز و دژ بە یەکیـان تێدایە بۆ توێژەر بە سودن.

**تەوەری یەکەم: ژن لە نێو سۆفیگەرییدا**

تـوێژەری بـواری سـۆفیگەری، ئانـا مـاری شـیمل (٢٠٠٦: ٥٧٣، ٥٨٨)، دوابەدوای لێکـۆڵینەوەی دەربارەی پێگەی ژن لە نێو سۆفیگەریی ئیسلامیدا، بەوە گەیشـتووە کە لە نـاو ئەم کایە ئـاییننییەدا، بە بەراورد بە کـایە و ڕەوت و ڕێبازەکـانی دی، زێتـر پاڵپشـتی چـالاکیی ژنـان کـراوە. ئەمە بە درێژایی مێژووی سۆفیگەری وابووە و لە قۆنـاغە جیاکانی ئەم مێژووە، کەسایەتیی ژن، پێگەی تایبەتی هەبووە. تا سەردەمی نوێ، ئەم پێگەیە بەردەوام بووە. بەتایبەت کە دەبینین لە سـەردەمی نوێدا، لەنێو زۆربەی تەریقەت و ڕێبـازە سۆفیگەرییەکان و لە چەندین شـوێندا، ژنـان تـا ڕێبەرێتی کردنـی تەریـقەت ڕۆیشـتوون.مەریم خـانی کچـی سـەید ئەحمەدی خانەقـا(١٩١١-١٩٩٣) لە شـاری کەرکوک نمونەیەکی دیاری ئەو بوارەیە.

سـۆفیگەری گرنگترین کـایەی ئـایینی و نزیکترین دەرکەوتەی ئیسـلام بووە لە کەسـێتیی گشـتی کوردانەوە. بە جۆرێک کە زۆربەی زۆری ڕەهەندەکانی ئیسلامی کوردیی، لەسەر باوەڕی سۆفیانە دامەزراوە یان بە بنەماکانی ئەم کایەیە ڕەنگڕێژ کراون. لە قۆنـاغی زۆر زووی دوای سـەرهەڵدانی سـۆفیگەری ئیسـلامی، هەر لەسـەدەی نۆیەمی زایینییەوە، ئەم کـایەیە ڕۆڵـی ئـایینی و کۆمەڵایەتی گرنگی لە پانتـاییە کوردییەکەدا گێڕاوە. توانیـویەتی لەگەڵ بونیـادی جڤـاکی کوردی و هەندێک لە دەرکەوتەکانی خۆی بگونجێنێ.

ئەگەر ئەم دونیـابینیە کە لەو قۆنـاغە زووەدا دەسـتی پێکـردووە، ئەوا سـەرەتایەک بـووە بـۆ مێـژووی بەردەوامـی نیشـتەجێبوونی سـۆفیگەری لە پانتـاییەکە و داڕشـتنەوەی تـێگەی ئـایینیی کەسێتی مرۆڤی باوەڕداری کورد، بە کۆمەڵێک چەمک و دەستەواژەی ئایینیی- عیرفانیی، کە دەبنە بەشـێکی تێگەیشـتنی تەواوی ئـایینەکە. نەک هەر ئەمە، بەڵکـو جیهـانبینیی ئەو کوردانەیـان لە چوارچێوە گرتووە. بە ڕادەیەک کە لە میانەی خوێندنەوەی مێژووی سۆفیگەری کوردی دەتوانین گەشەسەندنە دیار و نادیارەکانی بیروباوەڕی ئیسلامی، لە زەمینە جوگرافییەکەدا شرۆڤە بکەین، چ

لەو ڕوانـگەیەوە بێـت کە چـۆن سـۆفیگەری پێناسـەی خوداناسـینی بـۆ مـرۆڤ کـردۆتەوە و سنوورەکانی ناسین و حەقیقەتەکانی پشتی دیاری کردووە، چ لەوەشدا گوزارشتی لە دەربڕینێکی ئایینی کردووە کە لە نێوان کوردانـدا جێگیر بـووە، ئەمە سـەرباری کارایی مرۆڤەکانی ئەوێی، بە هەردوو ڕەگەز، ئاڕاسـتەی کـردوون. لە ئەکامیشـدا مرۆڤگەلێـک و چەنـدین گـرۆی کـۆمەڵایەتی ـ ئایینی دەرکەوتوون، لە دەرەوەی ئیسلامی باوی هەمەگیر و فەرمییەوە ویستوویانە ئەم گوزارشتە بکەن (لەشکری: ۲۰۱۲، ۱۱-۱۲). تەنانەت لە هەندێک باردا کاریان کردووە بۆ گۆڕینی ئەو باوەڕە هەمەگیرەش و مانـای تـری جیاوازیـان بە بـاوەڕداری و پیرۆزکاری بەخشیوە وەک لە ئەزمـوونی تەریقەتە سۆفییەکانی کوردستان دەبینرێ، لەوانەش تەریقەتی نەقشبەندی بە فۆڕمە گشتییەکەی و داڕشتنەوەی بنەماکانی بەو فۆڕمەی لە بزوتنەوەی هەقەدا ڕەنگی داوەتەوە.

ئەم بزوتنەوەیە ڕۆڵی گرنگی لە بونیادنـانی کەسێتییەکی ئـایینی خـودان نەریت و بەهـای ئـایینی سـەربەخۆ هەبـووە، هەقـقە بـۆتە ناسـنامەی بەشـێکی کـورد و جـێکەوتەی ئـایینی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگی و... هتد، دوور مەودای هەبـووە. لە کرۆکیشـدا تێگەیشـتنی پەیڕەوکـارانی بـۆ خۆیـان، تـێگەی ئایینیـان و پەیوەنـدییە کۆمەڵایەتییەکانیـان لە نێوخۆیـان گۆڕیـوە. لە دیـارترین ئەو گۆڕانەنەش، گۆڕان بوو لە پێگەی ژن.

**یەکەم: گەڵاڵەبوونی ڕوانگەی ئایینی هەقەکان**

بزاڤـی هەقە وەکـو بزاڤێکـی سـۆفیگەریی – کـۆمەڵایەتیی، لە نێـو سیسـتەمێکی کـۆمەڵایەتیی نەریتییـانە، لە باشـووری کوردسـتان لە چـارەگی یەکەمـی سـەدەی بیسـتەم، لە لایەن شـێخ عەبـدولکەریمی شـەدەڵەوە دامەزراوە(شـێخ بزێنـی: ۲۰۱۳، ٦٣). بـزاڤەکە، مێـژووی گەشـەکردن و نەشونماکردنی، بۆ چەند قۆناغێکی جیاواز دابەش دەبێت، کە هەر یەکە لەو قۆناغانە تایبەتمەندی و خەسڵەتی خۆی هەیە. بە شێوەیەک، سیما سەرەکیەکان ئەو قۆناغانە چ دەرەکی بن یاخود ناوەکی، لە یەکدی جیاوازن. سـەردەمی دامەزرانـدن و گەشـەکردنی بزاڤەکە، کە قۆنـاغی شـێخ عبدالکریمی

شـەدەڵە لە ١٩٢٠- ١٩٣٤ دەگـریتەوە، بـزاڤەکە زیـاتر خـۆی وەکـو لقێـک لە تەریقەتـی نەقشـبەندی دەنوێنێ و سـروتە ئـاینییە سـۆفیگەریەکان بەسـەر گـرۆ ئـاییینییەکەدا زاڵ بـووە. دواتـر ئەم بزاڤە لە ڕەوتە فەرمیـیەکەی تەریقەتـی نەقشـبەندی موجەدیـدی(نوێکەرەوە) دوور دەکەوێـتەوە، ئەگەرچـی بەتەواوی خۆی لە بنەما و نەریتە سەرەکیەکانی تەریقەت دانەبڕیبوو. ئەمەش جۆرێک لە وابەستە بوونی شـێخ عبدالکریمی شـەدەڵە بە تەریقەتی نەقشـبەندی پشتڕاسـت دەکـاتەوە، کە هێشـتا لەنێو سیسـتەمی تەریقەتییدا خـۆی دەنوانـد و بنەماکـانی، لە هزریـدا، بە زینـدوویی مـابوونەوە و دەسـت بەردار بوونی کارێکی ئاسان نەبووە، بە تایبەت کە ڕیشەی ناسنامە ئـاییینییەکەی تەریـقەتەکە بـووە و کـۆی یادەوەریشـی لەوێـدا گەڵاڵە ببـوو. تەریـقەتەکە ڕۆچبـووە نێـو هـۆش و بیـرو بونیـادی کەسـایەتی شـێخەوە. ڕەنگیشـە، مـانەوەی ئەم پابەنـدییە بە هـۆی فشـاری دەرەکـی کـاراکتەرە دیارەکانی تەریقەتی نەقشبەندی و پیـاوانی ئـاییینییەوە بووبێت بانگەشـەی ئەو ڕەوشـت و کـارانە بکات کە لە دوای مردنی خۆی لە لایەن برا و پێڕەوانیەوە پراکتیزە کران.

دوای دەستگیرکردنی شێخ عەبدولکەریم شەدەڵە و هاوەڵآنی لە ساڵی ١٩٣٤ تا کۆچی دوایی لە ساڵی ١٩٤٢، بزوتنەوەکە بە قۆناغی مت بوون و بێدەنگ بووندا تێپەڕ دەبێت(شـێخ بزێنی،٢٠١٣: ٦٥)، ڕەنگە ئەم لاواز بوونەش، پەیوست بووبێ بە ڕەوشی سیاسییەوە. بەتایبەت بە هـۆی فشـاری حکومەتی عێراقـی یـان بە هـۆی سیاسـەتی بەریتانییەکـانەوە بووبێـت. دەشـکرێ بە هـۆی پیـاوانی ئایینییەوە بووبێت، کە بەرە بەرە چاودێری جوڵەی پەیڕەوکارانی بزوتنەوەکەیان دەکرد.

لە قۆناغی دوای کۆچی دوای شـێخ عەبدولکەریمی شـەدەڵە بزاڤی هەقە دابەشـی چەند گروپێک دەبێت، مامەڕەزا (١٩٠٥-١٩٦١) و مامە ڕەزاییەکان و حەمەسوری کلاوقوت[١](١٩٨٦) و لایەنگرانی گروپەکانیان چالاک تر بەهێز تر بوو.

ئەوەی پەیوەست بێ بە بابەتی ئێمەوە، لێرە بەدواوە ژن لە نێو ئەو دوو گروپەدا زیاتر دەرکەوتووە، بە تایبەت لەلای گروپی مامەڕەزاییەکان، ئەمەش، وەک دواتر دەبینین، کێشەی زۆری بۆ بزاڤەکە دروست کرد.

### دووەم: گۆڕینی ڕوانگە بۆ ژن

لە مێژووی هاوچەرخی کوردا لە ناوچە جیاوازەکاندا چەندین ژن هەڵکەوتوون و دەرکەوتوون، هاوشێوەی خانزادی میری سۆران(ساڵی لە دایک بونی دیار نیە بەڵام لە ١٥٩٧ کۆچی دوای کردووە) و عادیلەخانمی هەڵەبجە(١٨٥٩-١٩٣٤) و حەبسەخانی نەقیب(١٨٩١-١٩٥٣) و چەندانی تر، بەڵام ئەم ژنانە بە شێوەیەکی خۆرسک هەڵکەوتون و لە چوارچێوەی بەرنامەیەکی دیاریکراودا کاریان نەکردووە.

سەبارەت بە بزاڤی هەقە لە سەرەتای دامەزراندنی بزاڤەکەدا لە چارەگی یەکەمی سەدەی بیستەمدا پێگەی ژن بە شێوەیەکی ڕوون لە مێژووی بزاڤەکەدا بە دەر نەکەوتووە ، لە وێستگە سەرەتاییەکاندا ژنان ڕۆڵی دیاریان نەگێڕاوە، توێژەران وای بۆ دەچین بە هۆی زاڵ بوونی بیری ئاینی و پێکەوەنانی بزاڤەکەی شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵە و وابەستە بوونی بە تەریقەتی نەقشبەندیەوە بو بێت، چونکە شێخ عەبدولکەریم بەر لەوەی ڕابەرێکی تەریقەت و پێشەوایەکی سۆفیگەریانە بێت، مەلایەکی ئایینی بووە و پێش نوێژ خوێنی شەدەڵە بووە(عەسکەری: ٢٠١٠/١/٨).

ئەوەی ئەم بابەتەی وروژاند و پەردەی لە سەر پێگەی ژنان هەڵماڵی ئیدمۆندسی بەریتانی بوو لە سەرەتای سییەکانی سەدەی ڕابردوودا باس لەوە دەکات، بیستویەتی گوایە لە گوندی شەدەڵەی سەر بە پارێزگای سلێمانی پیڕەوانی شێخ عەبدولکەریم لە حەوزی ئاوی بەر مزگەوتەکەدا ژن و پیاو پێکەوە مەلە دەکەن، هەندێک جار سەگیشیان لە گەڵ خۆیان بردۆتە نێو حەوزەکە و هەندێک لە پیاوان جلو بەرگی ژنان دەپۆشن و زێڕو خشل بە خۆیانەوە دەکەن و دوای خۆرئاوا لە

تەپۆلکەیەکی نزیک گوندەکە خولاونەتەوە(٢٠٠٤: ٢٥٢). ئیدمۆندز، بە مەبەستی گەیشتن بە ڕاستی و دروستی ئەم بابەتە، لە ساڵی ١٩٣٦ سەردانی شەدەڵە دەکات، بەڵام هیچ دیاردەیەکی لەوشێوەیە بەدی ناکات، تەنها باس لە شێوازی هەڵس و کەوتی شێخ عەبدولکەریم و سروشتی جوانی دەڤەرەکە دەکات. (٢٠٠٤: ٢٥٣). ئەم نوسینەی ئیدمۆندس ئەو بۆچونەمان لەلادا گەڵاڵە دەکات، کە بەراورد کردنی نێوان ڕاپۆرتە نەرێنیەکان و دیداری شێخ عەبدولکەریم دوو بۆچونی دژ بەیەک لە دیدی ئیدمۆندسی دروست کردووە، بە شێوەیەک کە لە کۆتایدا دەڵێت باوەڕ کردن بەو زانیاریانە بۆ دژوار بوو، هەڵبەت بزاڤی هەقە بەشێک لەو زانیاریانە پشت ڕاست دەکەنەوە، بۆ نمونە شێخ مەحمودی نەوەی شێخ عەبدولکەریمە دەڵێت کاتێک کەسێک لە بنەماڵەیەکی خانەدان یان ئاغایەکی لە خۆبای یاخود نەوەی بەگێکی قەپۆز بەرز بە ئەسپ و زینەوە بە خۆبادان و لافوگەزافەوە دەهاتە نێو تۆبەکارانی بزاڤی هەقە، بە مەبەستی تۆبەکردن، ئەوا لە زبڵدان تا بیناقاقای لە زبڵیان دەگرت یاخود جەستەیان بە پاشەڕۆی ئاژەڵ سواغ دەدا پاشان تۆبەکەی قبوڵ دەکرا، ئەم کارانەش بە مەبەستی شکاندنی لوتبەرزی و لەخۆبای بوونی ئەو کەسانە بوو کە خۆ ویستانە پەیوەندییان بە بزاڤی هەقەوە دەکرد، یاخود بەشێک لەو کەسانەی ئەو کارەیان لە گەڵ ئەنجام دراوە لە سەر داوای خۆیان بووە بۆ ئەوەی دڵسۆزی تەواو پیشان بدەن کە هەقەی ڕاستەقینە و تەندروستن، چونگە گومان لە هەقە بوونیان لە نێو پێڕەواندا دروست ببوو، یان لە ژێر فشاری ئەو کەسانەدا بووە، کە بە شێتەکان ناسرا بوون (شەدەڵە، ٢٠٢٠/٣/٢٥)[i]. لێرەوەیە، ئەگەر لەم قۆناغە پێگەی ژن بەرزکرابێتەوە، پەیوەست بووە بە گۆڕینی دیدگای کۆمەڵایەتیی بۆ پێگە و پلە و پایەی مرۆڤەکانەوە. ئەمەش لە گەڵ تێگەیشتنی باوی نەریتییانە نەدەگونجا. هەر بۆیە دەبینی، ئاسان

[i]. ناوی تەواوی مەحمود کاکە حەمە عەبدولکەریمە و لە ساڵی ١٩٥٤ لە گوندی لە شەدەڵە لە دایک بووە، ئێستاش ڕابەرایەتی بزاڤی هەقە لە خانەقای شەدەڵە دەکات و یەکێک لە کەسایەتیە ناسراوەکانی دەڤەرەکەیە.

نەبووە ئەم گۆڕینەی ڕوانگەی کۆمەڵایەتیی قەبوڵ بکرێ. تەنانەت بۆ مەلایەکی وەک محەمەدی جەلی زادەی کۆیە کە بە مەلای گەورە ناسراوە زەحمەت بووە ڕوانگەکە لەخۆ بگرێ. بۆیە، دەربارەی پێگەی ژنان لە نێو بزاڤەکە، هێرشی توند دەکاتە سەر خودی شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵە و تۆمەتباری دەکات بە لەڕێلادانی ئایینیی و تەنانەت پشتکردن لە بنەما ڕەفتارییەکانی تەریقەتی نەقشبەندی(محەمەد، ٢٠١٩: ٤٢). وایدەبینی تێکەڵ بوونی ژن و پیاو کارێکی خراپەو بەدڕەوشتی بەرهەم هێناوە، وەکو دەڵێت:

حیجابی بەینی نێر و مێی فرێدا

هەرامە و هینی پێک ئاشکرا کرد(مستەفا، ٢٠٠٩: ١٥٤)

لە دەقەکەدا ئاماژە بەوە دەدات، ئەم گۆڕینە کۆمەڵایەتییە، کاریگەری لە سەر ژیانی کۆمەڵگەوە هەبووە و ژن و پیاوی لێک کردووە؛ واتە تەڵاق دراون و خێزانی هەڵوەشاندۆتەوە، وەکو لە دێڕێکی هۆنراوەکەیدا دەڵێت:

بە ئەفسون و ئەفسانەی سۆفی تۆفیق[٢]

هەزار مێرد و ژنی لێک جودا کرد (مستەفا، ٢٠٠٩: ١٥٤)

مەلای گەورە گۆڕینی پەیوەندییە کەمەڵایەتییەکەی، لەچوارچێوەی بێئابڕوویی کۆمەڵایەتیی جێکردۆتەوە و لەوێوە هاتووە، لە کەسێتی شێخی داوە؛ گوایە تیاترۆخانە (وەک ڕەمزێک بۆ داشۆرینی کۆمەڵایەتیی)یی داهێناوە و ئاینیان فەرامۆش کردووە(مستەفا، ٢٠٠٩: ١٥٤)، وەکو دەڵێت:

تیاترۆیەکی وای دانا لە عالەم

تەوەلایان لە دینی مستەفا کرد (مستەفا، ٢٠٠٩: ١٥٤)

ئەم هێرشکردنە سەر بزاڤی هەقە لە قۆناغەکانی دواتریش هەمان فۆڕمی هەبووە و بەردەوام بووە و زۆرینەی تەوەرەکان لە هێنانە پێشەوە ژنان بۆ نێو کایە کۆمەڵآیەتیەکان چڕ

کراوەتەوە(کوێستانی: ٢١٦). گۆڕینی ڕوانگەی ئەوانیتری دەرەوەی بازنەی بزاڤەکە زۆر ئەستەم بووە، بەتایبەت کە لە ناوەندێکی شاریی کراوەدا نەبووە، گۆڕین بووە لە زەینی کۆمەڵگەیەکی تەواو گوندنشینەوە. بۆیە دژایەتی زێتری کراوە و ئاسان نەبووە بۆ کۆمەڵگەکە قەبوڵی بکات. لە شرۆڤەی زوهدی (١٩٨٥: ٤٢-٤٣)، بۆ ئەم بابەتە، ئەوە دەخوێندرێتەوە دەستبردن بۆ بابەتە جێندەرییەکان و گۆڕان لە پێگەی ژنان لە نێو کۆمەڵگەدا، کارێکی پڕ مەترسی بووە، گروپە ئایینییەکانی بەر لە هەققە، خۆیان لە قەرەی ئەو بابەتانە نەداوە. سەرەڕای قەیرانی زۆر و تەنگ و چەڵەمەی کۆمەڵایەتی کە لەو دەمدا لە مەسەلەی پەیوەست بە جەندەرەوە، کۆمەڵگای کوردی پێوەی سەغلەت بووە. تەنانەت ڕێکخراو و پارتە سیاسییەکانیش، کە بەشێکی پرۆسەی مۆدێرنەسازیی بوونە لە زەمینەی کوردیدا، بەڵام ئەو بابەتەیان تەنیا لە نێو پەیڕەو و پرۆگرامەکانیاندا شوێن کردبۆوە و لە بواری جێبەجێکردندا، بزاڤی چالاکی ژنان لە پانتایی کوردیدا، ڕەزامەندی زۆرینەی کۆمەڵگەی لە پشت نەبووە(جامباز و محمد، ٢٠٠٤: ٤٧). لەم ناو کۆی پرۆسە سیاسیی – کۆمەڵایەتییەکەدا، ئەگەر ژنێک یاخود چەند ژنێک لەو بازنە داخراوەی کۆمەڵگا دەستوری بۆ دانا بوو دەرچووبێتن، وەکو جۆرێک لە یاخی بوون و زویر بوون لە کۆی گشتی تەماشا دەکران و ژیانی تایبەتیشیان دەکەوتە بەر مەترسی، چ جای بزاڤی هەقە کە وەکو بزاڤێکی سۆفیگەریی ئایینیی گەشەی دەکرد، ژن بکاتە یەکێک لە جەمسەرەکانی کارکردنی (زوهدی، ١٩٨٥: ٥١-٥٢) و کارایيەکی پێ ببەخشێ، کە پێشتر بەشێک نەبووە لە ڕۆڵە ئایینیی – کۆمەڵایەتییەکەی. لە قۆناغی دەرکەوتنی هەققەکان، لە پانتایی کۆمەڵایەتیی کوردییدا، زەمینەی هاتنە پێشەوەی ژنان بۆ نێو بزاڤ و چالاکییە نانەریتییەکان نەڕەخسابوو، تا ژنان – جیا لە ڕەوشی باو – بتوانن لە نێو ڕووداوە مێژووییەکاندا، کەسێتیی خۆیان بنوێنن. ڕوانگەی گشتی لە سنوری ڕوانگە نەریتییە چەقبەستووەکەدا مابۆوە؛ ئەمەش بریتی بوو لە بینینی ژن وەک ئامرازێکی خزمەتی پیاوان و منداڵ خستنەوە و تێرکردنی ئارەزووە سێکسییەکان (کوێستانی،

٢١٧). هەر بۆیە ئاسایی بووە، کاتێک هەقەکان هاتن پێگەیەکی تایبەتییان بە ژنان بەخشی، دوواری تانەو تەشەری زۆر ببنەوە.

### تەوەری دووەم: هەڵکشانی پێگەی ژن بەرەو لوتکە

سەردەمی مامە ڕەزا، سەردەمی هەرە گرنگی گەشەسەندنی پێگەی ژنان بووە لە نێو هەققەکاندا، چونکە لە دوای کۆچی دوایی شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵە لە ساڵی ( ١٩٤٢ )، بابەتی جێکردنەوەی ژنان لەنێو کۆڕ و کۆبونەوە کۆمەڵایەتییەکان، بووە بابەتێکی گرنگ و لەلایەن پێڕەوانی بزاڤەکەوە گفتوگۆی لەبارەوە دەکرا(شێخ بزێنی، ٢٠١٣: ١٣٣). مامەڕەزا لە نێو کولتورێکی کشتوکاڵیی – گوندنیشنییدا ژیابوو و لەو زەمینە کۆمەڵایەتییە-ئابورییەوە، کاری سۆفیگەریانە ئەنجام دەدا، کە پیاوسالاری باڵی بە سەر ژینگە خێزانیەکەدا کێشا بوو، سیستەمێکی نەریتگەرای ئەوتۆ هەبوو، بڕیاری لە سەر باش و خراپی تاکەکانی کۆمەڵگەی لادێ نشین دەدا و گۆڕانکاریەکانیش لە بازنەیەکی داخراودا دەخولایەوە، کەچی ئەم بابەتەی کردە بابەتی گفتوگۆو.

لێرەوە دەروازەیەکی نوێ لە بزاڤی چاکسازی دەرکەوت، تاڕادەیەک کە دەگوترێت هەقە یەکەم جوڵانەوەی سۆفیگەرییە لە پانتایی کوریدا هەوڵی داوە ئازادی و سەربەستی ڕاستەقینە و ئازادی بیرکردنەوە و بەشداریکردن بە ژنان ببەخشێت؛ کارایی ژنان بگۆڕێت، تا وەک کاراکتەری بزوێنەر بنوێندرێن. بە متمانە بەخۆبونەوە بەشداریەکی تەندروست لە هاوبەشی ژیانی نێو پێڕەوانی بزاڤەکە بکەن(فتاح، ١٩٥٨: ٣٩). ئەم کاراییەش، لە گۆشەیەکی بچوکی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتییەوە، کە خۆی لە گروپێکی بچوکی سۆفیگەری دەبینەوە، دەستی پێکرد و هەوڵیدا بەرەنگاری ئەو بارودۆخە نەریتییە بێتەوە، کە هەژموونی بەسەر جوڵە و بزاوتی جێندەرییانە کردبوو (عەلی، ١٩٨٣: ٧٢). هەڵبەت ئەو جۆرە کارە، بوێری گەرەک بوو، چونکە پارێزەران و بەرگریکاران لە کولتورە نەریتییەکە، بەهێزتر بوون و هەژموونی ڕەهایان بە سەر فۆرمی پێگەی دەسەڵاتییانەی تاک و چۆنییەتی بەڕێوەبردندا هەبوو، بۆیە ئەو گۆڕانکاریانە بێ لەمپەر تێپەڕ نەدەبوون و چاوەڕێ دەکرا ئاستەنگی زۆریان بۆ دروست ببێت، تەنانەت زیندانی و دوورخستنەوەی لێ بکەوێتەوە.

سەرەڕای ئاستەنگەکان، مامە ڕەزا مەبەستی بوو جیاوازییە جێندەرییەکان، بەپێی چوارچێوەی کۆمەڵایەتییانەی هزری خۆی، کەم بکاتەوە. چەشنە هاوبەشییەک لە نێوان نێرو مێ دروست بکات. ئەو پێیوابوو هەر یەک لەم دوو ڕەگەزە، دەتوانن نوێنەرایەتی کەسێتیی خۆیان بکەن و سەربەستی بـۆ خۆیـان فەراهەم بـکەن، ئەگەر ژیـنگەی دروسـتیان بـۆ بڕەخسـێندرێت(زەند، ٢٠٠٦: ٢٠٥). بەرتەسکردنەوە ئەم ڕوانگەی بەکەم تەماشاکردنی ژنان و بەرجەستەکردنی هەندێک لە مافەکانیان لە ژیانی ڕۆژانەدا، کارێک نیە بە ماوەیەکی دیاریکراو، یاخود قۆناغێکی سنوردار یان تاکەکەسێک، ئەنجـام بـدرێت. چـونکە پێویسـتی بە گـۆڕینی چوارچێـوە کۆمەڵایەتییەکـانی هـزری مرۆڤەکـانەوە هەبوو. بۆ کارێکی لەو شێوەیە لە ژینگەیەکی گوندنشینی نەخوێندەواردا، بێ بوونی دام و دەزگای ڕۆشنبیری، کارێکی تاقەت پڕوکێن دەبوو، ئەگەر چوارچێوەی کۆمەڵایەتییەکە، بە بەهـا و فۆڕمی ئایینیی تازەباوەوە ڕەنگڕێژ نەکاربـایە. هەر ئەمەش بوو مـامەڕەزا کـردی. ئەو بوێرانە دەسـتی بۆ کۆمەڵێـک لەو خەسـڵەتانە بـردووە، کە دەبـنە هـۆی بەرجەسـتەکردنی مافەکـانی ژنـان لە نێـو کۆمەڵگەدا، ئەمەش دوای کۆچی دوای شێخ عەبدولکەریمی شـەدەڵە هـاتە کـایەوە، بە هۆی نەمـانی تەریقەت بەخشینەوە و تۆبەکردنی خەڵکی لە سـەر دەسـتی شـێخ، بۆ شـوێنگرتنەوەی(بدیل) شـێوە ئایینییـانەی ئەم بـابەتە، مـامە ڕەزا چەنـدین بنەمـای تـایبەت بە بـزاڤەکەی داهێـنا بە نـاوی بەهـای ڕەوشـــتییەوە (تۆفیــق، ٢٠١٠: ١٤٧)، کە تـــایبەت بـــوون بە ڕێکخســـتنەوەی بـــزاڤەکە لە ڕووی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری گشتی و ئابورییەوە. ئێمە لەم توێژینەوەیەدا هەڵوەستە لەسەر، ئەو بەهـا و فۆڕم و سروتە ئایینییە داهێنراوانە دەکەین، کە تایبەتن بە ژنانەوە:

**یەکەم: ئامادەی ژنان لە کۆڕو کۆبوونەوەکاندا**

لە نێو بزاڤی هەقەدا، بە تایبەت لە دەست بەکاربوونی مامەڕەزا و جیابونەوەی گروپەکەی و کۆچ کردنی بۆ گوندی کەلکەسماق، پێگەی ژنان چووە قۆناغێکی نوێووە، لێرەوە ژنان بەشداریان لە کۆڕوکۆبوونەوە و زیکری خانەقای کەلکەسماق و کۆبونەوەی تەکیەی گوندەکاندا دەکەن(تەوەکولی، ٢٠١٥، ٣١٥؛ تۆفیق، ٢٠١٠: ١٤٧)، لەو سەردەمەدا جگە لە زیکر و خواپەرستی کێشە کۆمەڵایەتییەکان و بۆنە نەتەوەیی و ئاینییەکان لە تەکیەو خانەقاکاندا تاوتوێ دەکرا، بەشداری ژنان لەو دانیشتنانەدا بەو مانایەی گرنگی تایبەت پێدان و دەرخستنی و ڕۆڵی بەرپرسیارێتی و سەربەستی بیرکردنەوەییان پێ بەخشراوە، تەنانەت لە چەند گوندێکدا ژنان وەکو سەر تەکیە دەست نیشان کراون بۆ ئەوەی کاروباری پێڕەوانی بزاڤەکە بەڕێوە بەرن و گوێڕایەڵی تەواو لە لایەن سۆفیەکانەوە ئەنجام دراوە و پەرچەکردار ڕووی نەداوە (تەوەکولی، ٢٠١٥، ٣١٥، فتاح، ٢٠٠٣ :١٨٨؛ تۆفیق، ٢٠١٠: ١٤٧). مەبەست لەو بەشداریکردنەی ژنانیش، لەسەرەتادا، گوێگرتن لە ڕێنمایی و ئامۆژگاریەکانی ڕابەرەکەیان بووە، دواتر بەرەبەرە پەرەیوەتەوە بۆ ئەوەی مافی پێشنیارو تێبینی و ڕەخنەگرتنیشیان هەبێ(محەمەد: ١٩٨٥:، ١٨٧؛ فاروقی، ١٩٩٢:١٦). ژنانیش بە جلو بەرگی جوان و ڕازاوەوە بەشداریان لەو کۆبونەوانەدا کردووە(عەلی، ١٩٨٣: ٧٢)، ئەمەش بە هۆی ڕێنمای مامەڕەزا بووە، کە گرنگی زۆری بە جل و بەرگ و پاک و خاوێنی و ڕێک پۆشی داوە، تەنانەت وتەیەکی هەیە دەڵێت: (( ئەگەر تەنها پارەی کڕینی یەک دەست جلو بەرگی نوێت هەبوو، ئەوا بێسڵەمینەوە جلوبەرگەکە بکڕە و با جوان دەرکەون)). ئەمەش دەرچونێک بوو، لە خەسڵەتە گشتییەکانی سۆفیگەریدا، کە بریتی بووە لە پۆشینی جل و بەرگی سادە، کە بەشێک لە سۆفیانی بزاڤەکە گونیەیان لە بەرکردووە و جۆرێک لە تەرکی دونیایان کردووە و خۆیان بۆ خزمەتی تەریقەتەکە یەکلا کردۆتەوە و گوێیان بە ڕێک پۆشی و جۆری پۆشاک نەداوە. بەڵام ئەوەی ئەو کردی، دەرچوون بووە لەو نەریتە باوە، بەمەش سەرنجی ژنانی ڕاکێشاوە بۆ

بەشداریکردنی زیتر لە کۆڕانە. ئەگەرچی ئەم بەشدارییەی ژنان وایکرد بزاڤەکە ڕووبەڕووی تانە و ڕەخنەی زۆر ببێتەوە، محەمەدی فەقێ سەعید مەحمود (٢٠٠٤: ٤٧)، ئاماژە بەم بابەتە دەدات و دەڵێ: (( باسی تێکەڵ بوونی ژن و پیاوی بزاڤی هەقەم زۆر بۆ کراوە، کە لە یەکتر ناگەڕێنەوە و شێوەی تەگە و بەران مامەڵە دەکەن و ئیباحیەت بڵاو دەکەنەوە و سەرچاوەی ئەنجامدانی کاری ناشەرعین و ژن بێ مارە بڕین دەدەنە یەکتری)). ئەمە جۆرە لە مامەڵەکردن پشتڕاست نەکراوەتەوە و بەڵگەی پێویست لە بەر دەستدا نیە.

شیرینی حاجی شەریف (٢٠١٩: ٣٨)، ڕوونی کردۆتەوە، کە لێرە بەدواوە، خانەقای گەورە بە ژنان بەخشراوە و ڕۆڵی 'برا سەیار'یشیان گێڕاوە و بە گوند و ناوچەکاندا گەڕاون و بانگەشەییان بۆ بزاڤەکە کردووە و دۆست و لایەنگریان بۆ پەیدا کردووە و باس و خواسی خانەقایان گەیاندۆتە خەڵکی گوندەکان و بەرگریان لە تێگەی باوەڕییانەی بزاڤەکە کردووە.

بزاڤی هەقە هاوشێوەی پارتە سیاسیەکان ژمارەیەک کاراکتەری خۆبەش بە ناوچە و دەڤەرەکاندا گوند بە گوند دەخولانەوە و بە برا سەیارەکان(برا گەڕۆکەکان) دەناسران، هەندێک جار بە شێتەکان ناویان هاتووە، لە گروپی بچوکی دوو کەسی پێک دەهاتن، تاکو ئێستا چەند کەسێک لەو کاراکتەرانە لە ژیاندا ماون و لە کۆتایی تەمەنیاندان.

### دووەم: خوشک و برایی

مامەڕەزا ڕابەری دووەمی بزاڤی هەقە لە چوار چێوەی داهێنانەکانیدا بۆ ڕێکخستنەوەی نێو ماڵی بزاڤی هەقە و پاراستنی شیرازەی ئەو بزاڤە و تۆکمە کردنی ڕیزەکانیان و چاندنی خۆشەویستی لە نێو پێڕەوانیاندا دوای کۆچی دوای شێخ عەبدولکەریم و دەستەواژەی برایەتی و خوشکایەتی ڕاگەیاند(فاروقی، ١٩٩٢، :٢٥؛ تەوەکولی، ٢٠١٥: ٣١٤)، ئەمەش بووە فاکتەرێک بۆ درێژەدان بە مانەوەی بزاڤەکە بە تۆکمەیی و گەشەکردنی، بە شێوەیەک کە زۆرینەی خانەوادەکانی پەیڕەوکاری هەققە، لەیەکتر نزیک بوونەوە و لە هەر شوێنێک، کە یەکێک لەو خانەوادانەی تێدا نیشتەجێ بایە بە

ماڵی خۆییانیان دەزانی. جگە لەوەی پەیوەندی نێوان ڕەگەزی نێرو مێی بردە قۆناغێکی نوێوە، پیاوان بە خوشک ناوی ژنەکانیان دەهێنا، ئەمەش وەکو ڕێزێک بۆ ڕەگەزی بەرامبەر، ژنانیش بە برا ناوی پیاوەکانیان دەبرد(فاروقی، ١٩٩٢: ٢٥)، ئەم بابەتە ڕۆچووە نێو سیستەمی کولتوریی بزاڤەکە و کاریگەری دەروونی لە سەر بەشی زۆری تاکەکانی بزاڤەکە دروست کرد.

**سێیەم: هاوسەرگیری (شیربایی و ژن بە ژن و گەورە بە بچوک)**

مامەڕەزا چەردەیەک بەهای ئاکاریی 'ڕەوشت'، بۆ ژیان و گوزەرانی پێڕەوان، دوای دەستپێکردنی ڕێبەریتییەکەی لە ساڵی ١٩٤٢، دارشت و داوای لە پێڕەوان و هەوادارانی کرد بێجیاوازی جێبەجێی بکەن(سوڵتانی، ٢٠٠٢: ١٠٣)، هەرکەس پێچەوانەی 'ڕەوشت' مامەڵەی بکردایە یان لاساری و کەمتر خەمبوایە لە جێبەجێکردنی، بە چەند ڕێکارێک سزا دەدرا(تەوەکولی، ٢٠١٥، ٣١٥). یەکێک لەو بەها ئاکارییانەی دواتر بووە بەشێکی گرنگی سیستەمە کولتورییەکەی پێڕەوانی بزاڤەکە، ڕەتکردنەوەی شیربایی بوو(کوێستانی، :٢١٦)، بە شێوەیەک ئەو برە پارەی لە بری شیری دایک لە کاتی بەشودانی کچەکاندا لە لایەن خانەوادەی کچەکانەوە لە خانەوادەی داخوازیکەر وەردەگیرا، پێڕەوانی بزاڤەکە بە گڵاویان دەزانی و دەیانوت ئامادە نین کچە نازدارەکانمان بە پارە بگۆڕینەوە(شەدەڵە، ١٩٨٩: xxi؛ شێخ بزێنی، ٢٠١٣: ١٣٧).

سەرەڕای بوونی ئەم دیاردەیە لە نێو کۆمەڵگەی کوردیدا، ڕەنگە ڕەتکردنەوەی ئەو برە پارەیە لە لایەن لایەنگرانی بزاڤەکەوە جۆرێک لە گاڵتەجاری بۆ دروست کرد بێتن، بەڵام بێگوێدانە ئاستەنگ و تانە و هێرشی نەیارانیان بەردەوام بوون لەسەر ئەم بڕیارەیانە. تەنانەت بزاڤەکە لە چەند بوارێکی تایبەت بە ئایندەی ژنان چاکسازی لە نێوخۆیدا ئەنجامدا وەک ڕەتکردنەوەی گەورە بە بچوک یان ژن بەخشین لە بری خوێن و دوژمنداریی. ئەوەی باجی ئەو بابەتەی دەدا، ئەو کچانە بوون کە لە بری خوێنەکە دەبەخشران، بە مەبەستی کۆتاییهێنان بە خوێنڕشتنی زیاتر. ئەمە ببووە بەشێک لە کولتوری چارەسەری کێشە قورسەکان لە زەمینەی کۆمەڵایەتیی کوردییدا. بەڵام

هەققەکـــان ئەم دیاردەیـــان ڕەتکـــردەوە، پێیـــانوابوو، ئەمە ســـتەمێکی ئاشـــکرایە لە ژنـــان و بەکاڵاکردنیانە(شەدەڵە:٢٠٢٠/٣/٢٠).

ژنـانی بزاڤـی هەقە لە دیـاریکردنی هاوســەرەکانیاندا خـاوەن بۆچـوونی تـایبەت بە خۆیـان بـوون، هاوبەشـی ژیـانی ئاینـدەیان بـۆ خۆیـان دیـاری دەکرد(تەوەکولی، ٢٠١٥، ٣١٥)، لە کاتێکـدا پەیوەنـدی و گفتوگـۆی تـایبەت بە ژیـانی هاوســەرگیری نێـوان نێرومـێ لە کـۆمەڵگەی نەریتێکـی کوردیدا سنوردار بووە. سـەخت بـوو بۆ کوڕەکـان هاوسـەری داهاتوویـان لە ڕێگەی سـۆزداری و پەیوەندی پێش وەختەوە دەست نیشـان بکەن، تەنانەت بەشـێک لە کوڕ و کچەکـان بێ ئاگـاداری خۆیـان لە ڕێـگەی بریکـارێتی بـاوکەوە بێ ئەوەی یەکتـر ببیـنن و بۆچـوون بگـۆڕنەوە لێـک مـارە دەکران. کەچی مەرجی هاوسـەرگیری، لە نێو پێڕەوانی بزاڤی هەققە، بریتـی بـووە لە ئامـادەبوون و ڕەزامەنـــدی هەردوو ڕەگەز. بەڵام هەمـــوو وردەکاریەکـــانی تـــری پەیوەســـت بە پرۆســـەی هاوســـەرگیریی، هاوشـێوەی کـۆمەڵگەی نەریتیـی بـووە. ئەم گـۆڕانەی پرۆسـەی یەکترناسـین و هاوسەرگیریی، بۆ ماوەیەکی زۆر چیرۆکی نـابەجێی بـۆ بزاڤەکە لەسـەر هەڵبەسـترا بوو(سـوڵتانی، :١٠٠). ئەگەرچی بۆ ناوەنـدە ئـایینییەکە خـۆی، جێکەوتەی دوورمەودای هەبـووە، لە کەمکردنەوەی ڕێژەی تەڵاق و تێکچوونی شیرازەی کۆمەڵایەتیی.

ئەمەش بەدەر بـوو لە هەمـوو خۆشەویسـتی و سـۆزداریەک، سـۆزداری و گفتوگـۆی نێـوان ڕەگەزەکـانی بزاڤـی هەقە کراوەتـر بـووە، فـاروقی دەڵێـت ژنـانی بزاڤـی هەقـقە کاتێـک لە مەجلیسـی یەکتـر دادەنیشـن پێویسـتیان بە پەچەو سـەرپۆش نیە(١٩٩٢: ٢٥)، بایەخـدان بە ژنـان لە نێو بزاڤـی هەقە سنوری خۆی بەزاندووە و وەکو پیرۆز تەماشـای ژنـان کراوە، پیاهەڵـدانی زۆری بۆ کراوە، ڕێـزی زۆری لێگیـراوە ، تەنـانەت هینـی هارۆڵـد هانسـن (١٩٨٥:٣٤٦-٣٤٧)، دەڵێـت هەقەکـان ژن پەرستن، باس لەوە کراوە هیـچ کەسـێک لە سـەر پەیوەنـدی سـۆزداری نەکوژراوە یـاخود کێشـەی گەورەی دروست نەکردووە، کاتێک کێشـەیەکی لەو جۆرەش ڕویدابێت لە نێو پەیڕەوانـی بزاڤەکەدا

لە ڕێگەی گفتوگۆی ناوخۆی و بە سەرپەرشتی کاراکتەرە گرنگەکانی بزاڤەکە چارەسەر کراوە، لە قورسترین باردا کێشەکە ڕوبەڕی مامە ڕەزا دەکرایەوە، پاش چەند دانیشتن و ڕاگۆڕینەوە و بانگ کردنی لایەنەکانی کێشەکە ڕێکاری چارەسەری بۆ دەدۆزرایەوە(میران، ٢٠٠٠: ٦٧؛ شێخ بزێنی، ٢٠١٣: ١٣٦).

لە هەمان کاتدا ژمارەیەک لە خوشکانی بزاڤەکە ژیانیان بۆ خزمەتی خانەقا تەرخان کرد بوو لە نێو خانەقادا ژیانیان دەگوزەراند، هیچ کێشەیەک کە ببێتە هۆی دەنگدانەوە ڕوی نەداوە، ئەمەش ئەو بۆچونە ڕەتدەکاتەوە کە ڕۆمانیەکان لایان وایە ژن شەیتانی دڵە، یاخود لاتینەکان دەڵێن شەیتان نازانێ ژنان لە کوێ چەقۆ تیژ دەکەن، بوزیەکانیش دەڵێن مادام ژن هاتە ناو ماڵ شەیتانیش هات(عبدالخالق، ٢٠١٤: ٩٥-٩٦)، لە بارێکی تردا مامەڕەزا خانەقای کەلکەسماق لانەی لێقەماوان بووە و بەشێک لە ژن و پیاوانی بێنەوایان لە نێو خانەقادا ژیانیان گوزەراندووە[٣](شەدەڵە، ١٩٨٩: xxi؛ میران، ٢٠٠٠: ٦٧). بەشێک لەو ژنانە لە پیاو و خانەوادەکانیان جیا بونەتەوە و بێ هیچ مەترسی و هەڕەشەیەک لە خانەقادا ژیانیان گوزەراندووە و بەشداریان لە چالاکیە کۆمەڵایەتی و ئایینییەکانی بزاڤی هەقەدا کردووە(تۆفیق، ٢٠١٠: ١٣٨-١٣٩).

جەمال بابان( ١٩٨٣: ٧ )، ئەم بابەتە پشت ڕاست دەکاتەوە و دەڵێت: کاتێک بەڕێوبەری ناحیەی میرزا ڕۆستەم بوو، چەند جارێک سەردانی کەلکەسماقم کرد، بەڵام هیچ دیاردەیەکی ناشرین و نابەجێم بەدی نەکرد هیچ جارێکی ڕوینەدا کە ژن هەڵگرتنێک یان ڕەدووکەوتنێک لە نێو بزاڤەکەدا ڕوبدات( زوهدی، ١٩٨٥: ١٠٥)، مەلا سەلمان تیشک دەخاتە سەر ئەم بابەتە لە چاو پێکەوتنێکدا کە لە گەڵ حاجی عەلی سمایل عەلی کردووە، لە دایک بووی ١٩١٩ بوو و خەڵکی دەڤەرەکەیە و هەمیشە هاتووچۆی خانەقای کردووە و دۆستایەتی لە گەڵ پیڕەوانی بزاڤەکەدا هەبووە، لە زمانی حاجی عەلیەوە دەگێڕێتەوە کە جگە لە چاکە هیچ خراپەکاریەکم لە پیڕەوانی بزاڤی هەقە نەبینیووە، هەرچەندە هەندێک جار جاسوسیشم بە سەرەوە کردوون بۆ ئەوەی بزانم چی دەکەن (٢٠١٨: ٢٢).

ئەمە لە کاتێکدا بووە، بە بەراورد لەگەڵ سەردەمەکە و لە ناوچە جیاوازەکاندا، ئەم دیاردەیە بە شێوەیەکی ئاشکرا بەر چاو دەکەوت و چەندین کێشەی کۆمەڵایەتی بە دوای خۆیدا دەهێنا و لە هەندێک بارودۆخدا خوێن ڕشتنی لێ دەکەوتەوە

یەکێکی تر لەو بنەمایانەی کە ژیانی هاوسەرگیری لە نێو کۆمەڵگەی کوردی ئەو سەردەمەدا لە سەر پێک دەهات، بوونی خوشک بوو، بۆ ئەوەی ژیانی هاوسەری بەدەست بهێنیت لە ڕێگەی ژن بە ژنەوە. ئەمەش بە ڕێکەوتنی نێوان هەردوو بنەماڵە ئەنجام دەدرا، سەرەتای ئەم پەیوەندیە لە ڕێگەی دەست پێشخەری یەکێک لە بنەماڵەی داواکارەوە دەست پێدەکات، دوای ڕاگۆڕینەوە و هەواڵ پرسین ئەم جۆرە لە هاوسەرگیری ڕودەدات، ئەگەر خانەوادەیەک کچی شایستە و هاوتەمەنی کچی بنەماڵەی بەرامبەریان نەبێت ئەوا کچێکی بچوکتر لە تەمەن لە کەسێکی بنەماڵەی خاوەن کچ مارە دەکرێت، زۆرجار کچە بچکۆڵەکە لە کەسێکی بە تەمەن مارە دەکرا، کە پێي دەوترا گچکە بە گەورە. ئەم پرۆسەیە لە لایەن بزاڤی هەقەوە ڕەتکراوەتەوە و پێیانوابووە بەشێکە لە چەوسانەوەی ژنان و هەوڵیان داوە لە زەمینەی کۆمەڵایەتی خۆیاندا بنبڕی بکەن(زوهدی، ١٩٨٥: ٣٥)، وایاندەبینی ئەم چەشنە نەریتانە ژنان لە کەمەڵگادا پێوەی دەناڵێنن و باجی قورسی دەدەن( عبدالله،١٩٣٤: ٣؛ شەدەڵە، ١٩٨٩: xxi).

جگە لەو چاکسازییانە کە بزاڤی هەقە خۆی بە سەرمەشقی داهێنانیان دەزانێ، دیاردەی فرەژنیش لە نێو پێڕەوانی بزاڤی هەقەدا بە تایبەت گروپی مامە ڕەزاییەکان دەگمەن بووە، شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵە و مامەڕەزای برای تەنها یەک ژنیان هێناوە(زوهدی، ١٩٨٥: ٤٠؛ مەحمود، ١٩٩٩: ٨٧). لە کاتێکدا لە پانتای کوردیدا بە تایبەت لەو سەردەمەدا پیاوانی خاوەن دەسەلات و هەژمونی چەند ژنێکیان دەهێنا، فرە ژنی لە نێو پیاوانی دەرکەوتووی کۆمەڵگا بەشێک بوو لە شکۆ و دەسەڵات، چونکە نەوەی زۆریان دەخستەوە و لە چەسپاندنی دەسەڵاتیاندا سودیان لێ وەردەگرتن و چینی گشتیان پێ دەمکوت دەکردن.

**تەوەری سێیەم: دونیابینییەکی جیاواز بۆ ژنان**

حەمە سـوری کلاوقـوت دوای کـۆچی دوای شـێخ عەبـدولکەریمی شـەدەڵە لە سـاڵی ١٩٤٢ لە شـەدەڵەوە کۆچی کرد بۆ گونـدی کلآوقوت لە نـاوچەی شـوانی پارێزگـای کەرکوک، لەو گونـدەدا گروپی تایبەت بە خۆی پێکەوە نا، لێرەوە دونیا بینی حەمەسور بۆ سۆفیگەری و پەیوەندیە ئـاینی و کۆمەڵآیەتی و سیاسـی و سۆسـیالیزمی و سـۆفیگەری گرنگیدان بە ژنـان دەردەکەوێت، چـونکە پێشوتر حەمەسور لە ژێر سایە و کاریگەری شێخ عەبدولکەریمدا و بیرکردنەوە و کاریگەریەکانی لە مەودایەکـی بچوکدا دەخـولانەوە و شـێخیش دەسـەڵآتی تەواوی بە سـەر حەمەسـوردا هەبـووە، بۆیە دونیا بینی حەمە سور چ بۆ ژنان چ لە بوارەکانی تردا تا ڕادەیەک ونن. دەکرێت بۆچونەکانی حەمە سور لە دوای گواستنەوەی بۆ دەڤەری شوان و گوندی کلآوقوت لێک بدەینەوە.

لە لایەکی ترەوە تێڕوانینی حەمەسور لە بواری ژناندا لە مامە ڕەزا و گروپەکەی جیـاواز بـوونە، هەرچەنـدە حەمەسـور گروپێکـی سۆسـیالیسـتی تـری لە مـامە ڕەزا دامەزرانـدووە و لە قـوژبنێکی بچـوکی کۆمەڵگـادا هەوڵـی پراکتیـزە کردنـی داوە، لە ڕووی چۆنـایەتی و چەندایەتیشـەوە جیـاوازی قەبە لە نێوان ئەو دوو گروپەدا هەیە، کە خاوەنی سەرچاوە ئایدۆلۆژین و پەروەردەی یەک خانەقا و یەک ڕێپیشـاندەر و سەرپەرشـتیکار بـوونە، واتە هەردوو گـروپ لە یەک سـەرچاوە ئاویـان خواردۆتەوە، بەڵآم لە بواری ژناندا دابەشی دوو تێڕوانینی جیاواز بوون، ئەو جیاوازیـانە لە نێـوان ئەو دوو گـروپە تەمەن درێـژەی دوای مردنـی شـێخ عەبـدولکەریم بە زینـدووی و گەشـەکردووی مانەوە لە چەند خاڵێکدا باسی لێوە دەکەین:

١.منداڵ نەبـوون: بـۆ مـانەوەی کۆمەڵگـا و درێـژەدان بە ڕەگەزە جیاوازەکـان، پێویسـتە نەوەکـان دەستاو دەست پێبکرێن، نەوە دوای نەوە درێژە بە ژیان بدەن، وەکو دەڵـێن ئـێمە ئەم ژیانەمـان بە قەرز لە نەوەکانی داهاتوومان وەرگرتووە، پێویسـتە پـاش چەنـد سـاڵێکی تـر ڕادەسـتیان بکەینەوە، بەڵآم حەمەسـوری کـلآو قـوت دوای ئەوەی گروپێکـی تـایبەت بە خـۆی لە هەنـاوی بزاڤـی هەقەدا

دابڕاند که به حەمەسورییەکان ناسران، هەرچەند له دیدارو چاوپێکەوتەکانیان خۆیان به هەقه زانیووه، پابەند بوونی خۆییان بۆ بزاڤەکه دووپات کردۆتەوه ساڵانه دیاری و کۆمەکیان پێشکەش به خانەقای شەدەڵه کردووه (شێخ محمود، ٢٠٢٠)، کەچی ئەوەی له کردار و ڕەفتارەکانی گروپی حەمەسوریەکاندا ڕەنگیان دایەوه جیاوازی جەوهەری بوون له گەڵ ئەو سەرچاوەیەکی که لیی جیا بونەوه، نەوه نەخستنەوه یەکێک له زەقترین ئەو جیاوازیانەیە، چونکه چ له سەردەمی شێخ عەبدولکەریم و چ لای گروپی مامه ڕەزا ئەو دیاردەیه بوونی نەبووه، سەبارەت به پاساوی حەمەسوریش بۆ ئەم دیاردەی قەدەغه کردنی منداڵ بوونه، چەند بۆچونێک باسی لێوه دەکرێت، هەندێک له بۆچونەکان له خودی حەمەسورەوه سەرچاوەیان گرتووه و هەندێکی تر له پێرەوانیان وەرگیراوه و هەندێک له بۆچونەکانی تر له سەرچاوه مێژوویەکاندا شرۆڤەی بۆ کراوه، هەڵبەته ئەوەمان بیر نەچێت حەمەسور تەنها و تەنها له نێو ئەو گروپه خێزانیەی له گەڵ خۆیدا دەژیان منداڵ بوونی قەدەغه کردووه، له نێو پێرەوانی که له شارو شارۆچکەکانی تردا گوزەرانیان دەکرد، منداڵ بوون ئاسای و ڕێگه پێدراو بوو، ئەو هەوادارانەی که له دەرەوەی کلاوقوت دەژیان ژمارەیان زۆر لەو چەند خێزانەی له گەڵ حه مەسور دەژیان زیاتر بوون(تۆفیق، ٢٠١٠، ١١٩). هەرچەنده باس لەوه دەکرێت که حەمه سور له ژنی یەکەمی کچێکی به ناوی فاتیمه کوڕێکی به ناوی عەبدوڵلا هەبووه، بەڵام دوای جیابونەوه له ژنەکەی ئەو دوو منداڵەش له گەڵیدا له گوندی کلآوقوت نەژیاون، کوڕەکەی له به ڕوداوی ئۆتۆمبیل کۆچی دوای کردووه و کچەکەشی له ساڵی ١٩٥٩ شوی به مام حەسەن له شاری سلێمانی کردووه و ئێستا چەندین نەوەی خستۆتەوه٤( مام حەسەن: ٢٠١٠/١١/٢٠ ؛ تۆفیق، ٥٦:٢٠١٠). شوانی دەڵێت حەمەسور له ترسی ئاژاوه دروست بوون و تێکچونی شیرازەی ڕیزەکانی و کەوتنەوەی فیتنه له نێوان خانەوادەکانی که له گوندی کلآو قوت پێکەوه ژیانیان دەگوزەراند، بۆ پاڵپشتی ئەو بابەتەش حەمەسور پشتی به ئایەتی قورئانی ژماره ٢٨سورەتی ئەل ئەنفال بەستاوه که دەفەرمێت( واعلموا أنما أموالكم وأولادكم فتنة)

ئیبن کەسیر لە تەفسیرەکەیدا دەڵێت ئەو ماڵ و منداڵ و سەروەت و سامانەی کە خودا پێی بەخشیون بۆ تاقیکردنەوە و شێوازی مامەڵە و بە کارهێنانیانە لە لایەن مرۆڤەکانەوە، ئایا چەند دەتوانن باشی بەکار بهێنن(١٩٩٨: ٣٠٢)، بەڵام حەمەسور ئەم ئایەتەی بە شێوەیەکی تر لێکداوەتەوە، لای وایە منداڵ سەرچاوەی نەهامەتی و دروست بوونی ئاشوبە، دەبێتە هۆی دروست بوونی ئاژاوە و لێکترازان، بەرنامە بۆ دارێژراوەکان هەڵدەوەشێنێتەوە یاخود لاوازیان دەکات، درز دەخاتە نێو خانەوادەکانی پێڕەوانی بزاڤەکە بۆیە رێگە لە منداڵ بوون دەگرێت و هەموو ئەو خێزانانەی لە گوندی کڵاوقوت دەژیان هیچ منداڵییان نەبوو( تەیفور، ٢٠٠٢، ٢٢٢؛ تۆفیق، ٢٠١٠ :١٢١؛ رەسوڵ:٢٠١٠). ئەوەی جێگەی باسە حەمەسور رێگری لە منداڵ بوون گرت، کەچی لە کۆکردنەوەی سەروەت و سامان و زەوی چاندن و باخچەداری کەمتر خەمی نەکرد(زوهدی، ١٩٨٥: ١٠٥)، حەمەسور لە ماوەیەکی کورتدا بووە یەکێک لە دەوڵەمەندەکانی گوندە و بەشێک لە زەوی و زاری گوندەکەی کڕی، ئەمەش لە گەڵ بەشێک لە ئایەتەکە یەک نایاتەوە کە درێخی لە کۆکردنەوەی ماڵ و سامان نەکردووە و منداڵ بونیشی قەدەغە کردووە(عەلی، ١٩٨٣: ٧٠)، ڕەنگە بۆ هۆکاری مانەوەی خێزانەکان بوبێت وەکو یەک خێزان و هەر خانەوادەیەک بە دوای بەژەوەندیەکانی خۆی نەکەوێت(شێخ بزێنی، ٢٠١٣: ٨٤)، بەشێک لەو خێزانانەی کە بە هەر هۆیەکەوە بوبێت لە بزاڤەکە جیا بوبێتنەوە گەڕاونەتەوە سەر ژیانی تایبەتی خۆیان و نەوەییان خستۆتەوە(تۆفیق، ٢٠١٠، ١٢١).

بۆ ناوەڕاستی سەدەی بیستەم لە نێو کۆمەڵگەیەکی گوند نیشنی دواکەوتوودا بتوانیت ڕێگە لەوە بگریت (١٤) ژن پێکەوە لە گەڵ پیاوەکانیان لە ماڵێکدا بژین بێئەوەی نەوە بخەنەوە، لە کاتێکدا ڕۆشنبیری سێکسی لە ئاستێکی لاوازدا بووە و چۆن توانراوە ڕێگە لە سکپڕی بگرن؟ لە وڵامی پرسیارێکی لەم شێوەیەدا حەمەسور دەڵێت دەشتی شوان چەندە بە پیت و بەرەکەتە ساڵ دوانزەی مانگ گاسنی لێ بدەیت، بەڵام ئەگەر تۆوی پێدا نەکەیت هیچ شتێک بەرهەم ناهێنێت،

کەواتە حەمە سور گروپەکەی ڕاسپاردووە کە پیادەی ڕێگری سروشتی(منع طبیعي) بکەن(تۆفیق، ٢٠١٠: ١٢٣). ئەمەش بۆ پیاوان سەختە زۆرجار تێیدا سەرکەوتوو نابێت منداڵ دروست دەبێت، بەڵام هیچ خانەوادەیەکی گروپەکەی حەمەسور منداڵیان نەبووە.

حەلاوەخان خێزانی حەمەسور دەڵێت من حەزم لە منداڵ بوون هەبوو، بەڵام دەمزانی حەمەسور حەزی لێ ناکات، بۆیە باسم لە منداڵ بوون نەدەکرد، زۆرجار حەمەسور دەیوت لە سەر ئەوەی منداڵ ناخەینە ڕۆژێک دێت خەڵکی دەست خۆشیمان لێ دەکەن(٢٠١٠/١١/٨). حەسەنی زێنێ لە چاوپێکەوتنێکی ڤیدیۆیدا کە لە ساڵی ١٩٨٥ لە گوندە کلآوقوت لە لایەن کەسێکەوە بە ناوی عەباسی ڤیدیۆ تۆمار کراوە ئەوە ڕەتدەکاتەوە کە حەمەسور بڕیاری قەدەغە کردنی وەچە خستنەوەی دەرکردبێت، بەڵکو سەرقاڵیمان بە تەریقەت و زیکرەوە دەرفەتی منداڵ بوونمان نەبووە، لە درێژەی چاوپێکەتنەکەیدا بەریەکەوتنێک لە قسەکانیدا هەیە دەڵێت حەمەسور دەیوت منداڵمان ناوێ چونکە گەورە بوون جێمان دەهێڵن.

٢.فرە ژنی : مامەڕەزا و شێخ عەبدولکەریمی براگەورەی فرە ژنیان پیادە نەکردووە، هەرچەندە باس لەوە نەکراوە لە چوار چێوەی ڕەوشت و بەرنامەی مامەڕەزادا بە شێوەی فەرمی قەدەغە نەکراوە، بەڵام کەمترین دیاردەی فرە ژنی بەرچاو دەکەوێت و ڕابەرە دیارەکانی بزاڤەکە خۆیان لە فرە ژنی بە دوور گرتووە، بەڵام حەمەسوریەکان فرە ژنیان پیادە کردووە و حەمەسور چوار ژنی هێناوە لە جوانترین و شۆخترین ژنەکانی سەردەم(تۆفیق، ٢٠١٠: ١١٩-١٢٠). ژنی یەکەم ناوی مەلیحە بووە و خەڵکی چەمچەماڵە ، ژنی دووەمی ناوی بەهێیە زۆر لای حەمە سور نەماوە و تەلآقی داوە، ژنی سێیەم ناوی خەدیجە عەبدوڕەحمانە خەڵکی گوندی سەرمۆردە، ژنی چوارەمیشی ناوی تەلحە و خەڵکی گوندی دەلۆیە(تەلحەخان: ٢٠١٠/١١/٨؛ تۆفیق، ٢٠١٠:١٠٥). حەسەنی زێنێش بە دووەم کەسی حەمەسوریەکان ئەژمار دەکرێت، دوو ژنی هێناوە.

ئەوەی سـەرنجمان بـۆ بـابەتەکە ڕادەکێشـێت مـافی ژنـان و ئـازادی ڕادەبـڕین و بیرکـردنەوە و بەشـداری لە کۆڕوکۆبـونەوەی کۆمەڵایەتیـان کە لە نێـو بزاڤی هەقە بە دەنگێکی بەرز باسـی لێـوە کراوە، لە نێو حەمەسوریەکاندا ئەم دەنگە خەفە کراوە و هاوشـێوەی کۆی کۆمەڵگای کوردی ئەو سـەردەمە ژن سـەرقاڵە مـاڵ و منـداڵ بەخێـوکردن بـووە، بەڵآم مـافی منـدال بـوون لە ژنـانی حەمەسوری وەرگیراوەتەوە، تەنانەت حەمەسور قەدەغەی کردووە کە منداڵی خانەوادەکانی تری گوندە کە لە پێڕەوانی حەمەسور نەبوون سەردانی ماڵی حەمەسوریەکان بکەن بە پاسـاوی ئەوەی ژنەکـان سـۆزدارن دواتـر حەز لە منـداڵ دەکەن، ئەو مـافەی لە ژنـان وەرگرتبـۆوە کە گرنگـی بە منداڵی دراوسێکانیش بدەن، بۆ ئەوەی کۆنترۆڵی لایەنی دەرونیان بکات و نەکەونە ژێر کـاریگەری هەستیانەوە.

ئەم جۆرە لە مامەڵەیە لای گروپی مامە ڕەزاییەکان ڕەتکراوەتەوە و ژنان لە مافەکانیان پارێزراو بوون، سەربەستیەکی باڵآیان هەبووە.

### تەوەری چوارەم: ژن وەک پاساوێک بۆ شکاندنی بزاڤەکە

بەشـی زۆری بـزاڤە سـۆفیگەرییەکان لە پانتـایی کوردیـدا، بەرەنگـاری یەک فـۆڕم لە هێـرش و تۆمەتڕشـتنەوە لە بـواری پێگەی ژنانـدا بـوونەتەوە. ئەویـش وێناکردنیـانە، وەک تێکشـکێنەری بەهـا ڕەوشتییە فەرمییە باوەکان. لەکاتێکدا، ئەو بزاڤانەی کە لە هەناوی ئایینی ئیسلامەوە دروست بوون و خەریکی دروست کردنی قەوارەی سەربەخۆیان بوونە، لە ڕوانگەی جیاوازەوە لە بنەما بـاوەڕیی و ڕەوشتییەکانیان ڕوانیوە و لە کردەوەیاندا نواندوویانە. لە نێو کۆمەڵگەی کوردیشـدا بەشـێک لە کەسـێتیی مرۆڤەکـان و سـەروەرێتی کۆمەڵایەتییانەیـان، بەسـتراوەتەوە بە پاراسـتنی ڕەوشـتی مێینەکانیان. هەر بۆیەشە لەم ڕوانگەیەوە تەماشای جوڵەکانی بزاڤەکان، لەوانەش هـی هەققەکانیـان کردووە. هەموو جۆرە جوڵانەوەیەکیـان لەچوارچێوەیەکی دیـاریکراوەوە شـێوەگیر کردووە، تـا لە نێو کۆمەڵگەدا قێزەون بنوێندرێن، بەمەش ڕەوایەتی بدەن بە دەسەڵاتی سیاسیی، تـا هێز دژی ئەو بزاڤانە بەکار بهێنێت و کپیان بکاتەوە.

بە هەمان شێوە دەربارەی بزاڤی هەقەش هەمان دیاردە باس کراوە کە بە 'چرا پڤ' یـان 'شـەوە ڕەشە' یاخود 'زگە ڕووتە' باس کراوە. گوایە پێڕەوانی بزاڤی هەقە شـەوێک لە یەکێک لە ماڵەکان کۆدەبونەوە و کۆڕیـان ئەنجـام دەدا دوای وتـنەوەی قسـەی خـۆش یەکێک فـوی لە چـرا دەکـرد و دەیکوژاندەوە، ئیتر هەر یەکێک ژنێکی لەگەڵ خۆیدا دەبرد و سێکسی لە گەڵدا ئەنجام دەدا، یـاخود گـوایە ژنەکـان جلـی ژێرەوەیـان لە قـوژبنی ژوورەکە دادەنـا و هەر پیاوێـک یەک لەم جـلانەی لە تاریکیدا لە گەڵ خۆیدا دەبرد و دواتر لە گەڵ خـاوەن جلەکەدا سێکسـی ئەنجام دەدا(مەلا سـەلمان، ٢٠١٨:٢٠). گەڕیـدە و نوسـەر کەریـم زەنـد(١٩٧١: ٨٧)، بەم شـێوەیە ئەم بـابەتە دەگێـڕێتەوە و بە کۆڕی یـادەوەری نـاوی دەهێنێت، دەڵێت جگە لە پێڕەوانـی بزاڤـی هەقە کەسـی تـر بەشـداری لەو کۆڕەدا ناکات، پێویستە هەمـوو بەشـداربووان ژنێک لە گەڵ خۆیاندا بهێنن، ئەگەر سـەڵتیش بێت پێویستە دەستەخوشکی خۆی لە گەڵ خـۆی بهێنێت، ئەمەش نیشـانەی بەرزی ڕێبـازەکە بووە، کە

بـواری بەشـداربوونی ژنـانی لە کـۆڕو کۆبونەوەکانـدا ڕەخسـاندووە. نوسـەر ئەمە بە هاوشـێوەی مزگەوتی گەورەی سلێمانی کە ژن و پیاو تێیدا نوێژ دەکەن، چواندووە و دەڵێ: ژن و پیاوانی هەقە بە خامۆشی و بە خۆداپۆشینەوە زیکر دەکەن و ڕایان وایە کێویک لە نێوانیاندایە (زەند،١٩٧١: ٨٧).

بەهەرحاڵ، لە ناوکۆی مێژوویی بەریەککەوتنی هەققەکان بەدەرەوەی خۆیانەوە، بابەتی ژنان کرا بە بابەتێکی سیاسی بۆ ئەوەی نەیارانیـان، بە توندترین شـێوە، پەلامـاری بزاڤەکە بـدەن. بۆ نمـونە تێکەڵـی نێـوان ژن و پیـاو بە تێکەڵـی مەڕو بەران شـوبهێندراوە و بـاس لەوە کـراوە لە ژنـی یەکتـر نەگەڕاونەتەوە و سۆسیالیستی ژنانیان پیادە کردووە. باجەلان (٢٠٠٦: ٣٩٨) دەربارەی ژنانی هەقە دەچێتەوە سـەر ئەو گێڕانەوە زارەکییـانەی لەنێـو کـۆمەڵگەی نەریتیـی موسـڵمانەوە، لەبارەیـانەوە دروسـت بـووە. دەڵێ مەولـود عەلـی و ئۆمەر ئـامینە کە دوو لە پێڕەوانـی مـامەڕەزا بـوون خەڵکـی گوندی ئۆمەگومەت بوون، کاتێک لە سەردانی مامە ڕەزا گەڕابونەوە ژنێکیـان لە گەڵ خۆیاندا هێنـا بوو بە بیانوی ئەوەی خوشکیانە، بەڵآم دواتر بوو بە کێشـەیان لە سـەر ئەو ژنە کە کامیـان بیکەن بە خێزانی خۆیان یـان دۆسـتیان، دواتـر بـوو بە مـوڵکی مەولـود عەلـی. هاوشـێوەی ئەم گێڕانەوانە مـودەڕیس (٢٠٠٨: )، لە پەراوێـزی ئـاوەڕدانەوەیەک لە بـزووتنەوەی هەقەی مسـتەفا عەسـکەریدا، دەگێڕێتەوە من ئاگادارم لە ناحیەی ڕێدار سەر بە پارێزگـای کەرکوک نـاوچەی شـوان ژنـی هەقەم بینیـوە دەیـوت ژن و پیـاو شـەو پـێکەوە بـخەون کێوێکیـان لە نێوانـدایە، شـەرت نـیە ئەو کێـوە ڕاستەقینە بێت بەڵکو دەکرێت بەردێکی بچوک لە نێوان هەردوکیان دابنرێت. هەر لەنێو گێڕانەوەی موسڵمانە نەریتییەکاندا باس لەوە دەکرا، کە بێ مارە کـردن ژن و پیـاو ژیـانی هاوسـەریان پێکەوە ناوە و نەوەییان خستۆتەوە و هەوڵیان داوە مارەکردن(نیکاح) هەڵوەشێنەوە و بەرەڵآیی (ئیباحیەت) بـڵاوبکەنەوە(مجید، ١٩٩٩: ٢٥)، لەوە دەچێت بـۆ ناشـرین کـردن و سـەلماندنی ئەو باسـانە لایەنە فەرمیەکـانیش گلابێتـنە ئەو کـارەوە تـاکو بەڵـگەی پێویسـت بـدەنەوە دەسـتەوە کە ئەو بابەتـانە دروسـتن بـۆ نمـونە زوهـدی دەگێڕێتەوە کە لە سـەرگەڵو مەخفەرێکـی پۆلیس هەبـوون هەندێک لە

پۆلیسەکان جلی گونیەیان دەپۆشی و خۆیان دەخزاندە نێو ڕیزەکانی بزاڤەکەوە گوایە هیمەت و بەرەکەتی شێخ ئەمانیشی ڕاکێشاوە، دەکەوتنە چاوبڕکێ لە گەڵ ژنانی هەقەدا و سەربان و بن بانیان لێ دەگرتن. ئەم کارانەش لە لایەن حکومەتەوە بۆ لەکەدار کردنی ژنانی هەقە دەکران(١٩٨٥: ٥٤-٥٥).

لە دەستنوسێکی ئەحمەد فەیزیدا(بەڕێوبەری ناحیەی سورداش بووە لە ١٩٧٣-١٩٧٥) هاتووە، لە سەردەمی مامەڕەزادا برا سەیارەکان بە گوندەکاندا دەخولانەوە و بانگەشەیان بۆ بزاڤەکە دەکرد هەرماڵێک ژنی جوان یان خواردنی چەوریان هەبوایە دەبونە میوانی، جاروبار ژن و پیاو تێکەڵ دەبوون و بە دزیەوە هەڵپەڕکێیان دەکرد و بە مەعشوقەکانیان دەوت حۆری گوایە ئەوانە حۆری بەهەشتن و خودا پێی بەخشیون(١٩٧٥: ١٧-١٩). ئەمانە نمونەیەک بوون لە باسانەی کە بەشێکی تر لە نوسەران بە تۆمەتی ناڕەوای دەزانن و بە تەواوەتی ڕەتی دەکەنەوە و لآیان وایە تەنها مەبەست لە ناشرین کردن و لە ناو بردنی بزاڤی هەقەیە و زەمینە ڕەخساندنە بۆ پەلکێش کردنی پیاوانی ئاینی و دەسەلاتدارانی حکومەت بۆ لە ناوبردن و تکفیر کردنی بزاڤەکە و پوکاندنەوە، بۆ نمونە ڕەشید محەمەد عەلی لە بابەتێکدا لە ژێر ناونیشانی مەسەڵەیەکی مەزن و هەوڵێکە کەم دەڵێت سەبارەت بە ئیباحیەت و تێگەڵ بوونی ژن و پیاوی بزاڤی هەقە تەنها بوختانە لە هەر کەسێک لە دۆست و نەیارەکانم پرسیووە ئەو بابەتە بە درۆ دەخاتەوە و بە شتێکی بێ بنەمای دەزانێت، دەڵێت ژنان و کچانی هەقە بەو پەڕی داوێن پاکیەوە تەماشای یەکتریان کردووە و ڕێزیان لە یەکتر گرتووە، خۆ ڕەنگیشە کەسی خراپیش خزابێتە نێو ڕیزەکانیان بەڵام پاش زانیاریان دەربارەی ئەو کەسانە لە ڕیزەکان دەرکراون(١٩٨٣: ٧٠).

زوهدی کە بە کۆنترین پارێزەری بزاڤی هەقە تەماشا دەکرێت زوو وڵامی دایەوە بەرەڵای و تەگەو بەرانی ژنانی هەقەی ڕەتکردەوە، لای وایە ئەم بابەتانە بۆ ئەوە دەگەرێتەوە سنوری کۆمەڵآیەتی ژنانی هەقە فراوان بووە، کە بۆتە هۆی ئەو هەموو پرپاگەندە نابەجێیانە کە مرۆڤی

ژێـر زوو ڕەتیـان دەکـاتەوە(١٩٨٥: ٣٤). بابـانیش دەڵێـت پێویسـتە ئەو بیـروڕا ناشـرینانە ڕەت بکرێنەوە کە دەربارەی ژنانی هەقە هەڵبستراون، زۆرم هەوڵدا تا قسەیک یان زانیاریەک لە سەر ئەو تۆمەتـانەی دەربـارەی بـزاڤەکە باسـی لێوە دەکرا بـدۆزمەوە هـیچ شـتێکی نـابەجێم بەرچـاو نەکەوت، تا ڕۆژێک یەکێکم دواند وتی لەوەتەی بووم بە هەقە پیاوەتیم نەماوە، مەبەستی ئەوە بوو زۆر سـەرقاڵی زیکـرو خواناسـییە ئاگـاداری ئارەزووەکـانی نـیە، لە کاتێکـدا هەزارو یەک شـتیان دەربارەی بزاڤەکە باس دەکرد و هەندێک کەسیش باوەڕی پێ دەکردن(٢٠٠٧: ٧). بەهەمـان شێوە، لە دەستنوسەکەی ئەحمەد فەیزی، کە بە شـێوەیەکی زبـرو نەرێنـی لە مێژووی بزاڤی هەقە دواوە، وا هاتووە گوایە ژنـانی هەقە سروتە ئاییینیەکـان لە سـەر بنەمـای تەریقەتـی نەقشـبەندی، جێبەجێ دەکەن. شـێوان لە سـەر بەرماڵەکانیـان بە سـەر داپۆشـراوی یـان جاجمێک بە خۆیانـدا دەدەن و زیکـری 'اللـه، اللـه، اللـه'، دەکەن(٥-٦). هەرچـی ڕەفیـق شـوانی (٢٠٠٠: ١٢-١٣، ١٤٢-١٤٤)یە، ئەوا بەرگری لە ژنانی بزاڤی هەقە دەکات و تۆمەتەکـان ڕەتدەکاتەوە دەڵێت هـیچ پەیوەندیەک لە نێوان بەهائی[٥] و بزاڤی هەقەدا نیەو ئیباحیەت لە ئایین دەرچوونی هەقەکان و تێکەڵ بوونی ژن و پیاوان کۆمەڵە تاوانێکن بۆ بزاڤی هەقە داتاشران، دەڵێت یەکێک بە بۆ داوێن پیسـی و حەلال کردنـی ژنـی خەڵکـی بگەڕێـت ئەوەنـدە بە ئیمـان و بـاوەڕ و بـوێری و نەترسـەوە ناگەرێـت، پێڕەوانـی هەقە لەو پەڕی بێمنەتیدا بوون و حیسابیان بۆ ئەو تۆمەتانە نەدەکرد، لای وایە دەکرێت شتێکی تاکە کەسـی هەبوو بێت ناکرێت تێکڕای گروپەکەی بێ تۆمەتبار بکرێت.

بە تێگەیشـتنی ئێمە، بزاڤی هەقە ویسـتویەتی گۆڕانکـاری کرۆکییـانە لەو ناوەنـدە کۆمەڵایەتییەی تێیـدابووە ئەنجـام بـدات. بەڵام، هاوشـێوەی هەر بزاڤێکـی تـر کە ویسـتبێتی گـۆڕان لە زەمینـەی کۆمەڵایەتیی نەریتییـانە بهێنێتە دی، ڕووبەڕووی هەمـان تـۆمەت و تـانە و تەشـەر بـوونەتەوە، کە پەیوەستن بە لایەنی ڕەوشتییەوە. ڕوداوە مێژووییەکانی پەیوەست بەم بـزاڤەش نموونەی دیارن، لەسـەر ئەم بـابەتە. لە بەشـی زۆریـان وانیشـاندراوە، کە ئەوە ژنـانن پـاڵەوانی ڕوداوەکـان و

وێناکردنیان وەک سەرچاوەی نەهامەتییەکانی جولانەوە سۆفیگەریەکان بووە، پاشان ڕێگای لە ناوبردنیان بۆ گیراوەتەوە بەرو بەشێکیان لەنێوبردراون و بەشێکی تریان هەڵاتوون و بەشێکی تریان وازیان لە تێگەباوەڕییەکەیان هێناوە، ئەم ڕوانگەیەش هەر زوو بە سەر کارایی سەرکردەکانی بزاڤی هەقە سەپێنراوە، لە ساڵی ١٩٣٤ بە دەستگیر کردنی شێخ عەبدولکەریم و لە ساڵی ١٩٤٤ بە دەستگیر کردن و نەفی کردنی مامە ڕەزا و لە ساڵی ١٩٥٨دا بە دەستگیر کردنی حەمەسوری کلاَو قوت بڕیاری لە سێدارەدانی بەلآم دواتر بە هۆی شۆڕشی ١٩٥٨ەوە جێبەجێ نەکرا کۆتایی هات، بزاڤی هەقە بەرەنگاری سەخترین بارودۆخەکانی بووەوە، لەم بەرەنگارییەش نەیارانیان ئیشیان لەسەر شکاندنی پێگەی ژن کردووە و هەندێکجار وەک هۆکاری ڕەوشتییانەی پشت شکانی بزاوتەکە، نوێندراون.

# ئەنجام

ئەوەی لەم توێژینەوەیەدا هەڵهێنجراوە، بریتیە لەم چەند خاڵەی لای خوارەوە:

١.ئەوەی بزاڤی هەقە لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمدا دەستیان بۆ جۆرێک لە گۆڕینی دونیا بینی بۆ ژنان بردووە، جێگەی سەنج و تێڕامانی توێژەرانە، دەکرێت بە هەند هەڵبگیرێ، لە کاتێکدا بەشێک لە هەڵگرانی ئایدۆلۆژیای چەپگەرای و پارتی سیاسی لەو پانتای کوردیەدا سەرکەوتوو نەبوون، لە هێنانە پێشەوە ژنان بۆ نێو کایە سیاسی کۆمەلایەتیەکان.

٢.بزاڤە هەقە باجی زۆری دا لە سەر گرنگیدان بە پێگەی ژنان، تا ڕادەیەک بووە هۆی لە ناوبردن و پوکانەوەی بزاڤەکە.

٣.بزاڤی هەقە لە نێو ئاین و تەریقەتەوە دەستی بۆ مافی ژنان بردوو بانگەشەی بۆ یەکسانە جێندەری کرد، ئەمەش کارێکە کەم وێنەیە لە مێژووی تەریقەت و ئاین و ئاینزاکاندا.

٤.ژنان بوونە بەشێک لە مێژووی بزاڤەکە، کە ئەمرۆ بۆ توێژەران جێگەی لێکۆڵینەوە بێت، سەرەڕای ڕێگریەکان بەلام توانرا بۆ ماوەیەی چەند دەیەیەک ژن ببێتە بەشێک لە ناسنامەی بزاڤەکە، تا ڕۆژگاری ئەمرۆکە ژنانی پەروەردەی بزاڤەکە جۆرێک لە جیاوازی لە مامەڵەکردنیان تێدا بەدی دەکرێت لە نێو کۆمەڵگادا، بە تایبەتی لە کرانەوە و پێشوازی و تێکەڵ بوون لە گەڵ ڕەگەزی بەرامبەردا.

---

[1]. حەمەسوری کلآوقوت خەڵکی گوندی شەشۆی ناوچەی ماوەت سەر بە پارێزگای سلێمانیە، دوای ئەوەی باوک و دایکی کۆچی دوای دەکەن، مامی ئەرکی بەخێوکردنی دەگرێتە ئەستۆ، پاشان باوکیشی دەمرێت و دەچێتە لای خاڵی، لە تەمەنێکی منداڵیەوە دێتە گوندی شەدەڵەو دەبێتە گاوانی ماڵی شێخ عەبدولکەریم، لە تەمەنی منداڵیەوە لە نێو خانەقای شەدەڵە گەورە دەبێت و خانەوادەی شێخ گرنگی تایبەتی پێ دەدەن، لە ساڵی ١٩٨٦کۆچی دوای کردووە و لە گوندی کلاوقوت نێژراوە(شێخ بزێنی، ٢٠١٣: ٨٠).

[2]. سۆفی تۆفیق سۆفیەکی ساویلکەی دەڤەری کۆیەیە(مستەفا، ٢٠٠٩: ١٥٤).

[٣].بەشێک لەو ژنانەی کە لە خانەقادا ژیانیان دەگوزەراند و خزمەتی خانەقای کەلکەسماقیان دەرکرد بریتی بوون لە: باجی فاتم فەرەج سەرگەڵوی، خاتوو حەنیف کانی هەنجیری سورداش، مەریمی خاڵە، خوشکە نەخشین ناروجە، یاي زوبێد کۆیە، نەنە ئامین کافرۆشی، خوشکە زەینەب، خوشکە عەمبەر سێکانی، باجی عائشە سەرگەڵووی، پورە ئایشەی تۆبزاوە،دادە مینە دوولکان، باجە غزال سەرگەڵوو، باجی خەجێ مامە فەرەج سەرگەڵوو(مەلا سەلمان، ٢٠١٨:٣٨).

[٤]

[٥]. بەهائولآ لە ساڵی ١٨٥٤-١٨٥٦ نیشتەجێی گوندی سەرگەڵو بووە، گوایە جۆرە پەیوەندی و کاریگەریتیەک لە بواری ژناندا لە نێوان هەقەو بەهائیدا هەبێت، گوایە ئەو ئازادی و سەربەستی ژنانی هەقە لەوێوە سەرچاوەی گرتبێت(شوانی، ٢٠٠٠: ١٤٤).


## Abstract

Women in the perspective of The Haqqah movement


Qaraman Nadir mohammed

Koya university

Department of history



The Haqqah movement that emerged from the Naqshbandi order gave women a position they had not previously enjoyed in Kurdish society, as it worked to give them a completely different social and religious role than what was present in the prevailing social milieu. The status of women increased even more when the leaders of the movement allowed them to attend religious and social meetings and express their opinion on the various issues raised in these meetings. Then they reconsidered how girls are married off and women are treated as commodities to be bought and sold. Not only that, but they also gave women a place in the movement's religious affairs department. The movement worked to redefine some

social values, helping to create a kind of gender equality and giving women belonging to the movement a stronger personality than their counterparts in traditional Kurdish society. On the other hand, social and religious actors in the Kurdish social milieu have criticized the movement and downplayed its social reforms, as a stark departure from the prevailing social traditions.

## سەرچاوەکان

**قورئانی پیرۆز**

**یەکەم: دەستنوسەکان**


١- عبدالله، همزە (١٩٣٤)، حقە، دەسنوس

٢- فەیزی، ئەحمەد (١٩٧٣)، دەستنوس


**دووەم: سەرچاوە کوردییەکان**


٣- تۆفیق، ڕێبوار حەمە. (٢٠١٠)، کۆمەڵی هەقە لە شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵەوە تا حەمە سوری کەلاو قوت ١٩٢٠-١٩٨٦، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.

٤- تەوەکولی، محەمەد ڕەئوف. (٢٠١٥)، مێژووی تەسەوف لە کوردستان، وەرگێڕانی: یوسف زاهیر هەورامی، دەزگای چاپ و بلآوکراوەی ڕۆژهەلآت، هەولێر.

٥- زهدی، ڕەوف محەمەد. (١٩٨٥)، بۆ لە هەقە کەوتنە تەقە، چاپخانەی حوادث، بەغداد.

٦- زەند، کریم. (٢٠٠٦)، ئاینستان، چاپخانەی ئەزمەر، سلێمانی.

٧- زەند، کەریم. (١٩٧١)، ئاین و باوەڕ لە کوردستان، چاپخانەی کامەران، سلێمانی.
٨- سـوڵتانی، مـحەمەد عەلـی. (٢٠٠٣)، ڕاپەڕینـی عەلەویەکـانی زاگـرۆس یـان لێکـۆڵینەوەیەک لە سەر ئەهلی هەقە، وەگێڕانی لە فارسیەوە حەسەن عەبدولکەریم و کەمال ڕەشـید، چاپخـانەی وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری، سلێمانی.
٩- شێخ بزێنی، قارەمان نادر. (٢٠١٣)، بزووتنەوەی هەقە، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.
١٠- عبـدالخالق، مسـعود. (٢٠١٤)، ئـافرەت لە ڕوانـگەی عەلمـانی و ئـاینیەوە، چ٢، چاپخـانەی ڕۆژهەلآت، هەولێر.
١١- عەسـکەری، مسـتەفا. (٢٠٠٨)، ئـاوەڕدانەوەیەک لە بـزووتنەوەی هەقە، بڵاوکـراوەی ئـاراس، چ٢، هەولێر.
١٢- فتاح، شاکر. (١٩٥٨)، ئافرەتی کورد، چاپخانەی شڤان، بەغداد.
١٣- فتاح، شاکر. (٢٠٠٣)، ئاوێنەی ژینم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
١٤- لەشکری، حەیدەر(٢٠١٤)، لە شەریعەتەوە بۆ حەقیقەت، دەزگای موکریانی، هەولێر.
١٥- محمد، کامەران جمال. (٢٠١٩)، بزووتنەوەی هەقە لە نێوان دۆستان و نەیاراندا، چاپخـانەی کاردۆ، سلێمانی.
١٦- مسـتەفا، عەبـدولخالق عەلائەدیـن. (٢٠٠٩)، مەلای گەورەی کـۆیە زانـاو ئەدیـب و شاعیرـ چاپخانەی منارە، هەولێر.
١٧- مــودەریس، مــحەمەدی مەلا کەریــم. (٢٠٠٨)، ئــاوەڕدانەوەیەک لە بــزووتنەوەی هەقە، بڵاوکراوەی ئاراس، چ٢، هەولێر
١٨- میران، ڕەشاد. (٢٠٠٠)، ڕەوشـی ئـایینی و نەتەوەی لە کوردسـتان، چ٢، سـەنتەری برایەتـی، هەلێر.

١٩- مەحمود، محەمەد فقێ سەعید. (٢٠٠٤)، یاداشتەکانم لە بەڕێوبەرایەتی گشتیدا تیشکێک بۆ سەر ژیانم لە بەڕێوبەرایەتیدا، دار الحکمە، لندن.

٢٠- هینی، هارۆڵد هانسن. (١٩٨٥)، کچانی کورد گەشتێک بە ناو ئافرەتانی موسڵمان لە کوردستان، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغداد.

٢١- ئیدمۆندس، سیسل جۆن. (٢٠٠٤)، کورد تورک عەرەب، وەرگێرانی حامید گەردی، بڵاوکراوەکانی ئاراس، هەولێر.

## سێیەم: سەرچاوە عەرەبییەکان

٢٢- ابن كثير، عماد الدين أبي الفداء اسماعيل توفى سنة ٧٧٤هجري. (١٩٩٨)، تفسير ابن كثير، تقديم محمد عبدالرحمن المرعشلي، اعداد مكتب تحقيق دار أحياء التراث العربي، طبعة جديدة، بيروت، لبنان.

٢٣- جامباز، طارق؛ محمد، نهلة. (٢٠٠٤)، شذرات من واقع المرأة الكوردستانية ١٩٩٢-٢٠٠٤ كوردستان العراق نموذجا، ط٤، أربيل.

## چوارەم: گۆڤار و ڕۆژنامەکان

٢٤- بابان، جمال. (١٩٨٣/١٠/٥)، ڕونکردنەوە و لێکۆلینەوەیەک بۆ ئاوەڕدانەوەیەک لە بزووتنەوەی هەقەی مستەفا عەسکەری، گۆڤاری ڕۆشنبیری کوردی، بغداد.

٢٥- باجەلان، جمال محەمەد. (٢٠٠٦)، الحقە، گۆڤاری زانکۆی کۆیە، ژمارە(٦).

٢٦- تەیفور، عارف. (٢٠٠٢)، تەریقەتی نەقشبەندی لە شێخ ئەحمەدی سەردارەوە بۆ هەقە، گۆڤاری (ڕامان) ژمارە(٦٩)، هەولێر .

٢٧- حاكم، صالح. (٢٠٠١)، بزووتنەوەی هەقە لە دەم کەلی کەلکە سماق،، گۆڤاری هامون، ژمارە(٥٤)، سلێمانی.

٢٨- زەند، کەریم. ( ١٩٨٣)، هەقە، گۆڤاری (کاروان) ، ژمارە(٤)، بەغداد.

٢٩- سوڵتانی، محەمەد عەلی. (٢٠٠٢)، بزاڤی حەقە لە کەرکوک، گۆڤاری (کەرکوک)، ژمارە(٣)، چاپخانە و ئۆفسێتی ژیار، ساڵی سێیەم، سلێمانی.

٣٠- سۆران، بەکری حمە. (٢٠١٣/٥/١٤)، بەهائوللآ لە سەرگەڵو، ڕۆژنامەی ئاوێنە، ژمارە(٢٢٧).

٣١- شوانی، ڕەفیق. (٢٠٠٠)، دیسان لە هەقە کەوتنە تەقە، گۆڤاری کاروان، ژمارە(١٤٢)، بێ شوێن.

٣٢- شەدەڵە، دانا. (١٩٨٩)، ڕۆڵی بزووتنەوەی هەقە لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا، گۆڤاری پەیڤ، ژمارە (١٥)، ساڵی چوارەم، نەمسا.

٣٣- شەریف، شیرین. (٢٠١٩)، پێگەو ڕۆڵی ژن لە بزووتنەوەی هەقەدا، گۆڤاری بابان، ژمارە(٢٥) سلێمانی.

٣٤- عبدالله، رفیق مجید. (١٩٩٩)، حرکة الحقة والحمسوریة والباطنیة، گۆڤاری زانکۆیا دهوک، ژمارە(١).

٣٥- عەلی، ڕەشید محەمەد. (١٩٨٣)، مەسەلەیەکی مەزن و هەوڵێکی کەم، گۆڤاریکاروان، ژمارە(١٥)، ساڵی دووەم، بەغداد.

٣٦- فاروقی، عومەر. (١٩٩٢)، تەریقەتی هەق، گۆڤاری سروە، ژمارە(١٦)، ساڵی دووەم، مهابات.

٣٧- محەمەد، مەسعود. (١٩٨٥)، گەشتی ژیانم، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە(١٠٥)، بەغداد.

٣٨- مەحمود، عەبدوڵڵآ کەریم. (١٩٩٩)، تێڕوانینێک بۆ ڕابردووی هەشتا ساڵەی هەقە، گۆڤاری تایم، ژمارە(١١)،سلێمانی.

٣٩- نورەدینی، مەلا سمایل. (٢٠١٨)، سێ باڵەکەی بزووتنەوەی هەقە، ڕانیە.


## پێنجەم: چاوپێکەوتن


٤٠- بەختیار، مام حەسەن. (٢٠١٠/١١/٢٠)، چاوپێکەوتن، سلێمانی.

٤١- تەلحەخان. (٢٠١٠/١١/٨)، چاوپێکەوتن، مەدینە شۆرش چەمچەماڵ.

٤٢- ڕەسوڵ، عزەدین مستەفا. (٢٠١٠/١/٨)، چاوپێکەوتن، سلێمانی.

٤٣- مەحمودی شەدەڵە. (٢٠٢٠/٣/٢٥)، چاوپێکەتن، شەدەڵە.


## شەشەم: سەرچاوە ئینگلیزییەکان


44- F. David Andrews: The Lost People of the Middle East,Salisbury.N.C.,U.S.A.,1982.